www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20-10-2006 11:33

## ئازادیش سنووری هەیە. ... هەستیار غەمگین



مێژووی دروست بوونی ئازادی مێژووی سەرکوت کردنی مرۆڤە. لەسەرەتای دەستپێکی ژیان ودروست بوونی مرۆڤایەتییەوە تاکو ئەمڕۆ خەڵکی یەکێ لەخەسڵەتە هەرە گرنگەکانیان ئازادی بووە. کەلەپێناوی فەراهەم بوونی ئەم وشەیەدا هەوڵ وکۆششێکی یەکجار زۆریان داوە. بۆئەوەی مرۆڤ لەئاستەنگ وبەربەستەکان ڕزگاری بێت. تاهیچ سانسۆرێکی لەسەر نەبێت لە ئاست ئەوکاروکردەوەیەی کەلەژیانی ڕۆژانەیاندا ئەنجامی دەدەن بۆئەوەی لەڕووی گوزەرانەوە لەگەڵ هاوڵاتیەکەی خۆیدا یەکسان بێت، ئەوا ئازادییان بەباشترین میکانیزمی ژیان داناوە. لەگشت ئان وزەمانێکدا ئەم وشەیە لەدیدگاو تێڕوانینی کەسایەتیە مەزن وفەیلە سوفەکانەوە، دەیان لێکدانەوە ی بۆکراوە لەگەڵ بارودۆخی ئەوکاتەدا گونجاندویانە. بەتایبەتی دیانەتەکان کە زۆرترین فەرمانڕەواییان لەدەستدابووە. دیارە ئەوانیشس بیپێی مەسالیح وبەرژەوەندی خۆیان دیویگی تری ئەو نیشانەی خەڵکی داوە. بەڵام ئازادیش سنوری خۆی هەیە! من پێم وایە ئەگەر لەم سنوورو یاساو ڕێسایە دەربچیت لەماهیەت وپیرۆزی ئەم وشەیە کەم دەکاتەوە. ئێستا لەم کۆمەڵگایەی خۆماندا لەدیدی زۆربەی خەڵکیدا ئازادی بەشێکی حەرام و نێگەتیڤ سەیر دەکرێت. لەتوێژی زۆربەی نەخوێندەوارەکاندا پێی دەڵێن بەڕەڵایی. واتای ڕەهایی شکاندنی یاساو ئاستەنگەکان وپرسینەوە، کەئەمەش تێڕوانینێکی هەڵە یە. ئەوەی ئەمڕۆ کەلەحیزب وڕێکخراو و دام ودەزگا حکومی وناحکومیەکانەوە بانگەشەی بۆدەکەن وبەیەکێک لەهەرە خەسڵەتە سەرەکیەکانی خۆیان دەزانن ئازادییە. ! بەتایبەتی ڕێکخراوە فێمینیزمەکانی ژن کە هەدەفی سەرەکیان بەدەست هێنانی ماف وئازادییە بۆکەسێتی ژن. بەڵام وەکو پێشتر وتمان لەو چوار چێوەیە دەرنەچێت کە یاساو تەبیعەتی ئەوکۆمەڵگەیە هەیەتی لەهەمبەر ئازادیدا، چونکە هەرکۆمەڵگەیەك بەندە بەیاساو ڕێسای خۆیەوە، بۆوێنە": لەم کۆمەڵگەیەی ئێمەدا گەر کچێك لەخانەوادەی ماڵی باوکیدا خاوەنی سادەترین ئازادی نەبێت وسەرجەم هەڵسوکەوت وهاتوچۆکانی لەژێر چاودێریدا بێت وبچەوسێتەوە. گەر لەم دۆخەڕزگاری بێت وبکەوێتە ڕەوشیتَکی ترەوە کەزۆر پێچەوانتەی ئەوحاڵەتەی پێشوو بێت، سەرجەم ئەو خێراییەدا (المغیرات الفوجاْ) ئەوا هەست بەغرور ولەخۆبایی بونێکی زۆردەکات لەبەرئەوە عەقڵیەتی ئەو تەحەمولی ئەوفرە گۆڕان وئازادییە ڕەهایە ناکات، بۆیە پێی هەزم ناکرێَ وتەسەمومی پێدەکات. کەوابوو لێرەدا ئەرکی کەسێتی دووەمە کەبە شێوەیەکی تەعلیمی پەروەردەیی لەگەڵ ژنەکەیدا بجوڵێتەوە ولەناکاو ئەیخاتە ئەوحاڵە تەوە. کەوتنە وەکو (ئەنشتاین) دەڵێت:" باهەرشتێك یاهەرپرۆسەیەك دەستمان دایە نسبی بێت و ڕەها نەبێت". بێگومان ئەمە ش دەگەڕێتەوە یۆئاست وپلەی ڕۆشنبیری هەردوولا بەوەی کە پابەندبن بەکۆمەڵێکیاساو دەستورەوە کەلەلایەن هەردوکیانەوە سەبارەت بەژیانیان دیان ڕشتووە. بۆوێنە گەرپیاوێك ڕێگەی بەژن نەدا لەکاتێکی درەنگدا بگەڕێتەوە بۆماڵەوە بەبێ هیچ پاساوێك ئەوا دەبێت ڕێگاش بەخۆی نەدات کەدرەنگ بگەڕێتەوە. بەڵام من لێرەدا مەبەستم ئەوژن وپیاوانە نییە کەهیچ دەستورێك لەژیانیاندا نییەو بەبێ بەرنامە ئەیگوزەوێنن. بێگومان ئەوزیندەگییە دەپرسێتەوە، ئەو کاتە گۆڕان دروست دەبێت. گەرنا ژیانی بێگۆڕان هیچ چێژێکی تیا نییە، چونکە ڕۆژەکان کۆی یەکتری دەبن هەرچەندە لەڕوی

ئابوریشەوە نوقسانیت نەبێت بەڵام هەست بەئاسودەیی وبەختیاری ناکەی چونکە ئەو ئازادییە یکە سرۆشت پێی بەخشیوی تۆبە شێوەیەکی پێویست سودی لێوەرناگری، لەبەرئەوەی هەست بەلێپرسینەوە ناکەی بەرامبەر بەخۆت.

Hastiar2006@yahoo. com